# ئێستا بۆم دەرکەوت کە کێ بوون ئەوانەی نەیاندەهێشت یەکێتی لە حزب بچێت؟



جەمال عەبدوڵڵا

ئەمەی ئێستا دەیڵێم، قەناعەتێکی شەخسیی خۆمە و یەکەمین جاریشە دەیدرکێنم، ئەویش ئەوەیە، کە هەتا بەشی هەرە زۆری ئەوانەی ئێستا لە گردەکەن لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوون، هەستم بەوە نەدەکرد کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو مێژووە لەخەبات و فیداکاریی و ئەو هەموو مێژووە لە کۆڵنەدان و تۆمارکردنی دەیان و سەدان داستان و سەروەریی لەسەردەمی خەباتی سەختی شاخ و ئینجاش ڕۆڵی بنەڕەتی یەکێتی لە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگا دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و پێگەی لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا و ڕۆڵی لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات، دەڵێم سەرەڕای هەموو ئەمانە کەچی هەتا زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە ئێستا لە گردەکەن هەتا ئەوان لەناو یەکێتی بوون هەستم بەوە نەدەکرد کە یەکێتی حزبە یان لە حزب دەچێت!! کەم پێناسی حزبی سیاسی هەیە کە لەناو کتێب و سەرچاوە جیاجیاکانی زانستی سیاسەتدا هەبێت و نەمبینیبێ و سەرچاوەکانی لە کتێبخانەکەمدا نەبێت، لەهەموو ململانێ و ناکۆکییەکانی ناو یەکێتیدا دوور لە قاڵەقاڵ و تەکەتول و بەتاقی تەنیاخۆم دەچوومەوە بۆ ناو کتێبخانەکەم و ئەو سەرچاوانەم رادەکێشایەوە و دەورم دەکردەوە و سەعیی زیاترم تێدا دەکرد ئێ بەڵکو ئەمە خوایە پێناسەیەکی زانستیانەی حزب ببینم کە بۆ یەکێتی ببێت، بەڵام هیچ! ناچار بە نائومێدی کتێبەکانم دادەخستەوە و دەمخستنەوە شوێنی خۆیان!

•ئاخر چۆن ناهەقم بێت،کۆنگرە بکرێت ئینجا بە ئیجماعی دەنگ ڕاپۆرتی سیاسی پەسەند بکەیت، بە ئیجماعی دەنگ یەکێتی (یەک) یەکێتی بێت، بەئیجماعی دەنگ سکرتێری گشتی یەکێتی هەڵبژێردرێت و لەناو ئاپۆرەی شادی و خۆشیدا و سەربەرزانە و سەرکەوتووانە لە کۆنگرە بێیتە دەر. بۆ کار و بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی یەکێتی و ئیلتزام کردن بەو ئەرکانەی کە پێڕەوی ناوخۆ دەیخاتە ئەستۆت، کەچی لەولاوە و بەجیاو هەر خێرا چپە چپ و تەکەتول و چاڵ هەڵکەندن و پشت شکاندن و فڕکان فڕکان دەست پێبکاتەوە و هەموویشی لەپێناو پلەو پایە و سەروەت و سامان و ئیمتیازات ئەی ئەوە هەر کاک نەوشیروان نەبوو کە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا گوتی من شەریکم لەسەروەت و سامانی یەکێتی؟! تۆ وەرە کە لەناو یەکێتی بیت و هەموو یەکێتی هی خۆت بێت و هەموو یەکێتیت هەبێت کەچی ئێستا لە دەرەوەی یەکێتی داوای شەراکەت بکەیت و بە نیوە رازی بیت! هەموویت هەبێت کەچی داوای نیوە بکەیت دەوەرە لەداخا شەق مەبە! من بەم بێ دەسەڵاتی و فەقیری و داماویەی خۆمەوە کە هیچ پلەیەکی حزبییشم نییە، هەموو یەکێتی بە هی خۆم دەزانم، زۆری ورد بکەنەوە و زۆریش لەسەری بڕۆن پارتیش بەهی خۆم دەزانم! کەچی کاک نەشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی بوو یەکێتی بەهی خۆی نەدەزانی و داوای شەراکەتی لە سەروەت و سامانی یەکێتی دەکرد! هەروەک ئەوەی یەکێتی ڕێگای لەکاروانچی گرتبێ و کاروانچییەکانی ڕووت کردبێتەوە و کاک نەوشیروانیش داوای نیوەی پارە و دەستکەوتەکان بکات چونکە ڕۆڵی بنەڕەتی و گرنگی هەبووە لەو کەمین و لەو ڕووتکردنەوەیەی کە بەرامبەر کاروانچییەکان کراوە! تو موقەدەساتتان ئەمە قسەو لێدوانی سەرکردەی سیاسییە؟!

•بەهەرحاڵ لەو کاتەوەی کە کاک نەوشیروان و برادەرەکانی لە یەکێتی چوونەتە دەر و بە گردە بۆردا هەڵزنان و لە نێوان یەکێتی و ١٢٢ دۆنم زەوی گردەکەدا قیروسیایان لە یەکێتی کرد و کردیانە قوربانی ١٢٢ دۆنم زەوی زەرگەتە، دوای ئەوەی کە دەبینم کێیان لە دەور کۆبۆتەوە و دوای ئەوەی کە بە بەڵگەوە دەبینم هێشتا لە دەرەوەی دەسەڵاتدان چی ئەکەن و خەریکی چین و دوای ئەوەی کارو کردەوەکانیان لەسەر جادە دەبینم، دوای هەموو ئەمانە خەریکە دێمەوەسەرخۆم و وردە وردە ئەو قەناعەتەم لا دروست دەبێت کە بەڵێ ئیتر ئێستا یەکێتی خوای گەورە ڕەحمی پێکردووەو خوا شفای داوەو بەرە و چاکبوونەوە دەچێت و ئیتر ئێستا ئەو قەناعەتەم لا دروست بووە کە یەکێتی حزبە و زۆر لەپێناسەکانی حزبی بەسەردا دەچەسپێت و ئێستا تێگەیشتم کە کێ بوون ئەوانەی نەیاندەهێشت یەکێتی لە حزب بچێت و تووشی دەیان کاری ناپەسەند و دەردەسەریان کرد و، ئێستاش لەدەرەوەو لە گردەکەوە هەرواز ناهێنن و وادەزانن ئەوەی لەناو یەکێتی دا پێیان نەکرا لەدەرەوەی یەکێتی و لە گردەکەوە پێیان دەکرێت! ئای لەو بەرزفڕینە و ئای لەو خۆش خەیاڵییە و ئای لەو هەڵە سیاسییە گەورەیەی کە من دەزانم چ زەرییبەیەکی بەدواوەیە، بەڵام جارێ نایڵێم با هەڵبژاردن تەواو ببێت و خۆیان بکەون بەسەر ئەنجامی ئەم هەڵەیەی خۆیاندا، ئەمەیان باشترە، با بەوەندە بیبڕمەوە!!